Royal Free London
NHS Foundation Trust

# دەنگی دڵ یاخود (هارت مێرمەر) لە منداڵی ساوادا

## زانیاری بۆ دایک و باوک

پیرۆزبایی لەدایکبوونی منداڵەکەت لێ دەکەم لە چەند ڕۆژی یەکەمی ژیانیاندا لە پشکنینی تازە لەدایک بوون پشکنینی دڵ بۆ هەموومنداڵیکی تازە لەدایک بوو دەکرێت. ئەمە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی ئەگەر منداڵەکەت هەر کێشەیەکی هەبێت بەزویی بدۆزرێتەوەو پشکنینی پێویستی بۆ بکرێت بۆ چاودێری و بەدوواداچوونی پێویست .

ئەم لاپەڕەیە وەڵامی ئەو پرسیارە باوانەی تیایە سەبارەت بە حاڵەتی- دەنگی دڵ/مێرمەر- ئەگەر زانرا منداڵەکەت ئەو حاڵەتەی هەیە. ئێمە دەزانین کە بیستنی ئەم هەواڵە نیگەرانی دروست دەکات بەڵام ئەم حاڵەتە تا ڕاددەیەک باوە لە منداڵی تازە لەدایک بوودا و مەرج نیە ئاماژە بێت بە نەخۆشی دڵ.

ئەگەر پێویستت بە زانیاری زیاتر بوو، یاخود هەر نیگەرانیەکی دیاریکراوت هەبوو، تکایە بەبێ دوودڵی پەیوەندی بکە بە پزیشک یاخود مامانەوە.

لە هەموو حاڵەتەکاندا، ئەگەر دەرکەوت منداڵەکەت -دەنگی دڵ/ مێرمەر-ی هەیە پزیشک بۆت ڕوون دەکاتەوە و وەڵامی هەر پرسیارێکت دەداتەوە لەو بارەیەوە هەتبێت.

### دەنگی دڵ/مێرمەر چی یە؟

دەنگی دڵ/مێرمەر دەنگێکی وەک لێدانی دڵە بەتوندی لە کاتی تیپەڕبوونی خوین لە دڵەوە دەتوانرێت لە ڕێگای بیستەرەی پزیشکی/سەماعەی دکتۆرەوە ببسترێت. هەرچەندە زۆرجار ئەمە دەرکەوتەیەکی ئاساییە، کە لەو حاڵەتەدا پێی دەوترێت - دەنگی دڵ/مێرمەی بێ زیان - لەوانەشە ئاماژەش بێت بە هەبوونی کێشەیەک لە دڵدا.

دەنگی دڵ/مێرمەر باوە لەناو ساوایانی تازە لەدەیک بوودا وە دوای لەدایک بوونیش گۆڕانکاری لەدڵیاندا دروست دەبێت. عادەتیان وایە

لەگەڵ گەورە بوونی ساوایاندا نامێنن. لەهەندێک حاڵەتدا، لەوانەیە هۆکاری دەنگی دڵ/مێرمەر ڕۆشتنی خوێن بێت بە کونێک لەدلدا، یاخود بەهۆی ئەوەی کە دەمارێکی دڵ زۆر تەسک بێت، یاخود بەهۆی ئەوەی کە دەمارێکی دڵ لیک بکات/خوێنی لێ بڕوات. .

### ئێستا چی ڕوودەدات؟

ئەگەر دەرکەوت منداڵەکە دەنگی دڵ/مێرمەری هەیە لەکاتێکا کە تەمەنی لە ٢٤ کاتژمێر کەمتر بوو ئەوا پشکنینی بۆ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بزانن کە ئایا حاڵەتەکەی بۆ خۆی چاک بووە، لەم حاڵەتەیا بەشێوەیەکی گشتی ئیتر پێویستی بە پشکنینی تر نابێت.

ئەگەر دەنگی دڵ/مێرمەر هەر بەردەوام بوو دووای ئەوەی منداڵە ساواکە تەمەنی یەک ڕۆژ زیاتری تێپەڕاند، پزیشکی تایبەتی منداڵان پشکنین بۆ منداڵەکە دەکات و لەوانەیە پرسیاری زیاترت لێ بکات. لەوانەیە مەوعیدی سکان بۆ دڵی منداڵەکەت دابنێن.

### چی ڕوودەدات ئەگەر منداڵەکەت پێویستی بە سکان بێت؟

لەوانەیە پێش ئەوەی نەخۆشخانە بەجێ بهێڵیت یاخود دوواتر وەک نەخۆشێکی دەرەوە بگەڕێیتەوە دووای ئەوەی سکانی سۆنەر بۆ دڵی منداڵەکە، (کە پێی دەووترێت ئیکۆ کاردیۆگرام )ی بۆ ڕێک دەخەن. ئەمەش پێکهاتەو کرداری دڵ و هاتوچۆی خوێن بۆ دڵەکە یشان دەدات بۆ ئەوەی ئەگەر هەر کێشەیەکی نادیار هەبێت بیبیننەوە. پشکنینێکی ڕاستەوخۆیە، هەروەک ئەوەی کە لەکاتی سکپڕیدا بۆ خانمانی سکپڕ دەکرێت وە هیچ زیانێکی بۆ منداڵەکە نی یە.

ئەگەر هەر شتێکی نائاساییان لە سکانەکەدا بۆ دەرکەوت لەوانەیە منداڵەکەت چارەسەری زیاترو پشکنین و بەدوواداچوونی زیاتری پیویست بێت لەلایەن پزیشکی دڵەوە.

### بۆچی بگەڕێین؟

زۆربەی ئەو منداڵانەی کە دەنگی دڵ/مێرمەر یان هەیە بە باشی دەمێننەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە داوای ڕێنمایی لە مامان ، سەردانیکەرانی تەندروستی یان پزیشکی گشتی بکەیت ئەگەر منداڵەکەت هەر یەکێک لەمانەی خوارەوەی هەبێت:

- ئارەقکردنەوە یان تەنگەنەفەسی بە تایبەتی لە کاتی خواردندا
- شین بوونەوەی دەست و پێ و لێوەکانی یان بەڵەک بوونی پێستەکەی (دروست بوونی پەڵەی ڕەنگ جیاواز لەسەر پێستی)

- ماندووبونێکی زۆر
- هەڵئاوسانی قاچەکان، سک یان دەوری چاوەکان
- بێ ڕەنگ (کەم خوێن) دەرکەوێت
- کەمخۆری یا گەشە نەکردن

ئەگەر منداڵەکەت زۆر نەخۆش ديارىوو پەیوەندی بکە بە 999 یاخود بیبە بۆ بەشی فریاکەوتن.

پرسیاری ترت هەیە؟

ئەگەر پرسیاری زیاترتان هەیە تکایە پەیوەندی بکەن بە سکرتێری بەشی منداڵان لە نەخۆشخانەی ڕۆیەڵ فری بەم ژمارەیە: 02078302211
سکرتێری بەشی منداڵان بۆت ڕێک دەخات کە پزیشکی منداڵان پەیوەندیت پێوە بکاتەوە لەڕێگای تلفۆنەوە.

زانیاری زیاتر

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی خزمەتگوزاری ساوایانی تازەلەدایک بوو لە ڕۆیاڵ فری لەندەن، تکایە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکەن:
www.royalfree.nhs.uk/services/services-a-z/childrens- تازەساوایانی یەکەی/خزمەتگوزاری
بوو لەدایک

سەرنجەکانی تۆ

ئەگەر هەر سەرنجێکت هەیە لەسەر ئەم بڵاوکراوەیە یان لەسەر لیستی سەرچاوەکان تکایە بینێرە بۆ ئیمەیڵی:
rf.communications@nhs.net

لەبری ئەم شێوازە

نامیلکەیە ردەست ەبێ شورەگ یچاپەبەیە ەر ئەگەئم نامیلکەیەزێاشێو ەت بکی تر پێویاتزی ەست بوو - بۆ نمونیبەناب ەت بیاینان،
زمانێ ەاخود بیکی تلگنیێ ەل ەگر جیاکت - دەنگ ەاخود بیزییە ەلگەڵ یەکێک ندەکانماەکارمەلن .ەکب ەە قسەروەها ئەم

© Royal Free London NHS Foundation Trust
Service: Neonatal
Version: 2
Leaflet reference: RFL699KU
Approval date: May 2023
Review date: May 2025
www.royalfree.nhs.uk